Research Center

10-05-2020

# لامەرکەزی کارگێڕی لەنێو ململانێ سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا

10-05-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لامەرکەزی کارگێڕی بەیەکێك لە باشترین و هەرە پێشکەوتووترین سیستەمەکانی بەڕێوەبردن لە چوارچێوەی دەوڵەت دادەنرێت. ئەگەر بەتەواوی بچەسپێت دەتوانێ بمانخاتە سەر سکەی حوکمێکی رەشید کە تێیدا دەسەڵات لەنێوان ناوەند و یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکاندا شۆڕ دەبێتەوە و دەتوانێ دادپەروەرییەکی راستەقینە لە بەڕِیَوەبردني وڵاتدا بچەسپێنێت.

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

**دەستپێک**

لامەرکەزی کارگێڕی بەیەکێك لە باشترین و هەرە پێشکەوتووترین سیستەمەکانی بەڕێوەبردن لە چوارچێوەی دەوڵەت دادەنرێت. ئەگەر بەتەواوی بچەسپێت دەتوانێ بمانخاتە سەر سکەی حوکمێکی رەشید کە تێیدا دەسەڵات لەنێوان ناوەند و یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکاندا شۆڕ دەبێتەوە و دەتوانێ دادپەروەرییەکی راستەقینە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بچەسپێنێت. هەڵبەت لێرەدا دوو چەمك کە تارادەیەك لێك نزیکن تێکەڵ دەکرێن ئەویش چەمکی لامەرکەزی سیاسی و لامەرکەزی کارگێڕین. یەکەمیان بریتییە لە دابەشکردنی هەرسێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت لەنێوان هەرێمی کوردستان و یەکە کارگێڕیەکاندا لە پارێزگا و ئیدارە خۆجییەکان کە لە یاسای دەستووریدا بەفیدراڵی ناو دەبرێت. هەرچی تایبەت بێت بە چەمکی دووەم کە لامەرکەزی کارگێڕیە، بریتییە لەدابەشکردنی بەشێك لە دەسەڵاتی دەوڵەت کە دەسەڵاتی جیبەجێکردنە لەنیوان ناوەند و یەکە کارگێڕییەکاندا لە پارێزگا و یەکە ئیدارییە خۆجییەکاندا. ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و ئەنجوومەنی پارێزگاکان داوایدەکەن بریتییە لە لامەرکەزی کارگێڕی نەك لامەرکەزی سیاسی. لێرەدا تیشکێکی یاسایی دەخەینە سەر دۆخی سیستەمی کارگێڕی لەکوردستان و لە ژێر رۆشنایی یاسا بەرکارەکاندا باسی لێدەکەین.

**دۆخی هەرێمی کوردستان لەڕووی کارگێڕییەوە**

سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسایەك رێکخراوە کە یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 2009ی هەموارکراوە و لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکانە لەنێوان ناوەند و پارێزگاکاندا لەسەر هەموو سێکتەرەکان، جگە لە چەند سێکتەرێکی دیاریکراو کە تەنیا حکومەت لێیان بەرپرسیارە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ خودی یاساکە و خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆبکەین، دەبینین وەك ئەوەی لە مادده (5)دا هاتووە پرەنسیپی لامەرکەزی تێیدا چەسپاوە. جگە لەوە، کۆمەڵێك هەوڵی دیکەی سیاسی لەکوردستاندا بۆ چەسپاندنی زیاتری دراوە، بەڵام تەواو نەکراوە. ئەو پرسە، هەر لە بڕیاری بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە و دروستکردنی ئیدارە سەربەخۆکانی راپەڕین و گەرمیانەوە بگرە، تاوەکو ئەو دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییانەی دیکە کە لەلایەن وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمي کوردستانەوە بەگشتی و وەزارەتی ناوخۆوە بەتایبەتی دراونهتة پارێزگاکان و سەرۆکی یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکان، هەمووی بە مەبەستی چەسپاندنی ئەم پرەنسیپە لە حوکمرانی کوردستاندا بووە. لەچوارچێوەیەکی یاسایی و هەندێجاریش واقعیدا، هەموویان بەو ئاراستەیە بوون کە دەسەڵات لەدەستی مەرکەزدا لە هەولێر کۆنەبێتەوە بەڵکوو بۆ خوارەوە شۆڕبکرێتەوە. گرفتی سیستەمەکە لەکوردستاندا ئەوەیە کە پارێزگاکان داوای دەسەڵاتی جیبەجیکردنی زیاتر دەکەن بۆ جیبەجێکردنی پرۆژە ستراتیژییەکان لە چوارچێوەی یەکە کارگێڕیەکاندا بەجۆرێك کەمترین چاودێری وگەرانەوەی بۆ مەرکەز تێدا بێت. ئەمەش پێیدەوترێت (عدم ترکیز ئیداری) واتە دورکەوتنەوە لە چاودێری کارگێڕی کە کاری حکومەتە لەسەر دامەزراوەکانی لە پارێزگا و یەکەخۆجییەکانی دیکەدا. ئەمەش لادانە لە خودی پرەنسیپەکە، چونکە بەبێ چاودێرییەکی کارطێڕي لە ناوەندەوە، هەمیشە ترسی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان لە ئارادایە. بۆ چارەسەری ئەو دۆخە، سێ هەنگاوی زۆر گرنگ بۆ شۆڕکردنەوەی زیاتری دەسەڵاتەکان هەن کە پێویستە لە داهاتوودا رەچاوبکرێن:

**یەکەمیان**: بریتییە لەهەمواری یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009ی هەموارکراوە لە پەرلەمانی کوردستان، بەجۆرێك کە بەڕوونی ئەو دەسەڵاتە ئیداری و داراییانە دیاریبکات کە پێویستە بۆ پارێزگاکان شۆڕبکرێنەوە.

**دووەمیان:** پێویستە یاسای پارێزگاکان وەك ئەوەی هەیە جێبەجێبکریت، نابێ پارێزگاکان هەموو هەڵپەی ئەوەیان بێت تەنیا دەسەڵاتە کارگێڕی و یاسایی و داراییەکان لەدەستی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بێت بەلکو، پێویستە لەویشەوە بۆ یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکانی دیکە لە قایمقامیەت و ناحیەکان شۆڕبکرێنەوە. هەروەها پەلە بکرێت لە دروستکردنی ئەنجوومەنی قەزاو ناحیەکان بەجۆرێك لەچوارچێوەی پرەنسیپی لامەرکەزی کارگێڕیدا، دادپەروەری زیاتر بچەسپێنێت.

**سێیەم :** ئەنجوومەنی پارێزگاکان ماوەیان بەسەرچووە و دەمێکیشە هەڵبژاردن نەکراوە. دەبێ لە نزیکترین دەرفەتدا کۆتایی بەو ناشەرعیبوونەی ئەنجوومەنەکان بهێنرێت و هەڵبژاردنێکی نوێ بەپێی یاساکە ئەنجامبدرێت و ئەو بۆشاییە چاودێرییەی لە قەزاو ناحیەکاندا هەیە پربکرێتەوە، چونکە ناکرێت تۆ داوای لامەرکەزی بکەی بۆ پارێزگاکان و دەسەڵاتەکان لای پارێزگاو ئەنجوومەنی پارێزگاکان

چربکرێنەوە و یەکە کارگێڕییەکانی دیکە بە کردەوە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێ و لەهەمان بازنەدا بسووڕێنەوە کە گرفتی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە لە ناوەندەوە بۆ یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکانی دیکە.

**گرفتی پارێزگای سلێمانی لامەرکەزییە یان نا؟**

لەڕاستیدا پرەنسیپی لامەرکەزی کارگێڕی و چەسپاندنی، یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی حوکمڕانییەکی رەشید و دیموکراتی لەوڵاتدا. لەهەمانکاتیشدا ئەگەر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەل نەکرێت مەترسیدارە، چونکە لەوانەیە سەرئەنجام ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە نابێ ئەم پرسە وەك دەسکەوتی سیاسی سەیربکریت و بۆ دەسکەوتی سیاسی لێی بڕوانرێت، بەڵکو دەبێ بەمەبەستی خزمەتی زیاتری ناوچە جۆراوجۆرە جوگرافییەکان بێت. هەرچیش تایبەت بێت بەوەی لەسلێمانی دەگوزەرێت، خەریکە پرسەکە بەرەو ئاقارێکی دیکە دەبات. خەڵك واتیگەیشتووە و تێدەگەیێندرێت کە  تەنیا سلێمانی گرفتی لامەرکەزی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا گرفتەکە سەرتاسەرییە و پەیوەندیدارە بە تەواوی پارێزگاکانەوە نەك تەنیا سلێمانی. بەڵام ئەوەی سلێمانی رەهەندێکی سیاسی وەرگرتوە و واهەستی پێدەکرێت کە شەرێکی سیاسی بێت وەك لەوەی خەمێکی گەورەی ئیداری  بێت. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە تەنیا لەکاتی قەیران و گرفتە سیاسییەکاندا ئەم بابەتە دەورژێنرێت. ئەگەر بەو تێگەیشتن و تێزەبێ کە کاتی خۆی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا بەمەبەستی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات لە مەرکەزەوە بۆ یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکان خستیەڕوو، دەتوانین بڵێین پرۆژەیەکی جدی و گرنگی سەرتاسەرییە و ئامانج لێی خزمەتکردنی ناوچە دوورە دەست و یەکە کارگێڕییە بچووکەکانە. بەڵام ئەوەی ئیستا بانگەشەی بۆ دەکرێت زیاترمۆرکی ململانێی سیاسی وهەوڵی دەستگرتنی هێزێکی دیاریکراوة بەسەر ئیدارە و دارایی پارێزگای سلێمانیدا.

بەشێکی گرفتی پارێزگاکان بەگشتی و سلێمانی سیاسییە و پەیوەندی بە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتییەوەیة لە پرسی بەڕێوەبردنی کوردستاندا. بەشێکیشی پەیوەندی بە دۆخی یەکێتی دوای کۆنگرەوة هةیة و ئەو دوورکەوتنەوەی لە نێوان پارتی ویەکێتیدا دروستبووە. یەکیتی دەیەوێ لەم رێگەیەوە طوشار دروستبکات و پارتی ناچاربکات مامەڵە لەگەل دۆخی نوێ بکات. سەرباری ئەوەی دەیەوێ ئەوەش بە پارتی بڵێ کە یەکێتی دوای کۆنگرە یەکێتییەکی دیکەیە و چیتر دەستەمۆ ناکرێت، چونکە بەشێکی سەرکردەکانی ئێستای ئەو حیزبە باوەڕیان وایە کە یەکێتی هەمیشە لە پاشکۆی پارتییەوە سیاسەتی کردووە.